# کوردستان، ڕاپەڕین و ڕووداوەکانی دواتر..

## گفتوگۆی ئۆکتۆبەر لەگەڵ تاهیر حەسەن ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزب

**<u>*خەسرەو سایە:*</u> هاوڕێ تاهیر ئەم ڕۆژانە 14 ساڵ بەسەر ڕاپەڕینی ئازاری 1991 دا تێدەپەڕێت. ڕاپەڕینێك کە کۆمەڵگای کوردستانی بردە نێو مێژوویەکی تازەوە دەرگای بۆ زنجیرەیەك ڕووداوو کارەسات وگۆڕانکاری سیاسی خستە سەرپشت. لێرەدا بەرلەوەی بچینە نێو برگەکانی ئەم مێژووەوە پێمان باشە بزانین کە لەبۆچوونی ئێوەدا ئەو چوارچێوە سیاسی وکۆمەڵایەتیانە چی بوون، کەئەوکات ڕاپەڕین تیایدا شکلی گرت؟**

<u>*تاهیر حەسەن:*</u> 14 ساڵ بەر لە ئێستاو لەئاکامی گورزێکی سەربازی کاریگەردا کە سوپای ڕژێمی بەعس بەدەستی هێزەکانی ئەمریکاو گەورەترین هاوپەیمانیەتی نێو دەوڵەتی لێی کەوت، کۆنترۆڵی دەسەلاتی عەسکەرتاریەت و سەرکوتگەرانەی ڕژێمی بەعس بەسەر ژیان و نارەزایەتی خەلکی عێراقدا شلبووەوە. ئەمەش بواری کردەوە بۆ هاتنە دەرەوەو تەقینەوەی ڕق و بێزاری پەنگ خواردووی دەیان ساڵەی خەلك و سەرئەنجام لەماوەیەکی زۆر کەمدا زۆربەی شارەکانی عێراق و کوردستانی گرتەوەو بەوێنەی گەورەترین خرۆشانی جەماوەری دەرهات.

ئامانجی ئەمریکا لە جەنگی یەکەمی کەنداودا هەمان ئەو ئامانجە بوو کە دووساڵ بەر لەئێستاو دوای بەرێوەبردنی 13ساڵ سیاسەتی وەحشیانەی ئابلۆقەی ئابووری، خەلکی عێراقی ڕاپێچ کردە نێو خوێناویترین جەنگی ئەم سەردەمەوە. واتە شکلدان بە نەزم و نیزامێکی نوێ لە دوای شکستی بلۆکی شەرق لەدنیادا، کە لەسەر بناغەی بەرەسمیەت ناسینی قازانج و بەرژەوەندی و هێزی تاقانەی ئەمریکا پێناسە کرابێ.

هەرجۆرێك بێت سەرئەنجام خەلکی عێراق کەلکیان لە شلبوونەوەی دەسەلاتی ئاسنینی سەرکوتگەرانەی ڕژێمی بەعس وەرگرت و بۆ بەئەنجام گەیاندنی بریاری ژێرەوژوور کردنی ئەو ڕژێمە کە لەمێژ بوو دابوویان، هاتنەمەیدانی نمایشێکی کەم وێنەی سیاسی وکۆمەلایەتی لە مێژووی هاوچەرخی کۆمەلگەی عێراقدا.

**<u>*خەسرەوسایە:*</u> بەلام هاوڕێ تاهیر ناسیونالیزمی کورد و حزبەکانی ڕاپەڕین لە درێژەی مێژووی بزووتنەوەی خۆیان بەگشتی و وەك ئەنجامێك لە خەباتی شاخ و چەکداریدا بە تایبەتی لێك دەدەنەوە، ئێوە لەسەر ئەمە دەڵێن چی؟**

<u>*تاهیرحەسەن:*</u> ڕێگە بدە بەر لەوەلام دانەوە بە پرسیارەکەتان، بەکورتی چەند قسەیەك لەسەر مێژووی بزووتنەوەی کوردایەتی و خەباتی شاخیان کە گوایە ڕاپەڕینی ئازاری 91 درێژکراوەو ئاکامی گەشەکردنی ئەوە بکەم. ناسیونالیزمی کورد و حزبە سەرەکیەکانی بە درێژایی 50 ساڵی تەمەنیان هەمیشە خۆراکی مانەوەی خۆیان لەسەر قلشت و کەلێن و کێشمەکێشی نێوان وولاتانی ناوچەکەو لایەنگریان بۆ لایەکیان دابین کردووە. بە واتایەکی تر بلێم بەدرێژایی نزیك بە نیو سەدە ئاسۆو ئیستیراتیژی ئەحزابی بزووتنەوەی کوردایەتی بۆ فشاردانان لەسەر دەوڵەتی مەرکەزی و شەریکبوونیان لەدەسەلاتی سیاسیدا، هەمیشە بە ململانێی وولاتانی ناوچەکە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی عێراقەوە گرێداوە. هەرکاتێك ئەم کێشمەکێشە کەوتبێتە سەر ئاستانەی ئارامبوونەوەو ئاسۆیەك بۆ چارەسەری دبلۆماسیانەی ئەو کێشانە هاتبێتە ئاراوە، ئاسۆی ناسیونالیزمی کورد ڕوو لە بنبەست

بووەو لەگەڵ قوربانی بوونی خۆیاندا، خەڵکی کوردستانیشیان تووشی گەورەترین بەڵاو بەدبەختی کردووە. ڕووداوی ساڵەکانی 1974و 1983و 1991 لەمێژووی بزووتنەوەی کوردایەتیدا شتێك نین جگە لەمانە.

ناسیونالیزمی کوردو حزبەکانی هەمیشە هەوڵیانداوە کە مێژووی خۆیان بکەن بە مێژووی نارەزایەتیەکی هەقخوازانەی خەڵکی کوردستان لە دژی هەلاواردنێکی قەومی کە لەلایەن ڕژێمە یەك لەدوای یەکە قەومیە عەرەبیەکانەوە لە عێراقدا لێیان کراوە. لەم کارەشیاندا تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتنیان بەدەست هێناوەو چارەنووسی خەڵکیان بە چارەنووسی خۆیانەوە گرێداوە. هەمیشە هەوڵیانداوە وەکو کوێخای خەڵکی کوردستان قسە بکەن، ئێوە تەماشاکەن ئێستا یەکێتیو پارتی دەڵێن شەرتی کورد بۆ بەشداریکردن لە بیناکردنەوەی دەوڵەتی عێراق چوار شەرتە، لە کاتێکدا ئەمە شەرتی یەکێتیو پارتییەو هیچ پەیوەندیەکی بە خەڵکی کوردستانەوە نیەو لە هیچ ڕاپرسیەکداخەڵکی دەنگی پێنەداوە! ڕەوەندی جەنگی هەشت ساڵەی ڕژێمی بەعس لەگەڵ جمهوری ئیسلامیدا، هاوکات ڕەوەندی داسەپاندنی ئاشکراترینو کەم وێنەترین دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی ئەو ڕژێمەیە بەسەر تەواوی مەیدانەکانی ژیانی خەڵکدا. وێرای شکاندنەوەی ئاسەوارەکانی جەنگ بەسەر ژیانی خەڵکدا، هاوکات هیچ بوارێکی بۆ هیچ جۆرە ئۆپۆزسیۆنێك نەهێشتبۆوە. چەقاندنی گۆچانەکەی دەستی سەدام حسێن لە کۆتایی هەشتاکاندا لەچیا بەفرینەکانی گارە، خۆی کش ماتی سیاسی بزووتنەوەی کوردایەتی بوو لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگەی کوردستاندا. هەموو کەسێك دەزانێ کە دوو سێ ساڵی پێش جەنگی کەنداو سەرکردایەتی یەکێتی وپارتی لە ئۆردوگاکانی ئێران سەختترین ژیانیان بەسەر دەبردو تەنانەت نەیان دەتوانی ئاسۆی ئومێدو مانەوە بدەن بە کادرانو بەشێك لە سەرکردایەتییەکەشیان. ئەمەش لە مێژووی ئەم بزووتنەوەیەدا تازە نەبوو، ئەوان 8 ساڵ ئومێدیان بە جەنگی ئێران وعێراقەوە گرێدا، کۆتایی هاتنی جەنگو سەرکەوتنی ڕژێمی بەعس لەو جەنگەدا، هیچ بوارێکی بۆ مانەوەی ئەوان لە باری سیاسیەوە نەهێشتەوە.

بەڵام شکستی بلۆکی شەرقو پەرەگرتنی میللی گەرایی لە ئاستی ناوچەکەو دنیادا لە لایەكو هەڕەشەکانی ئەمریکا لە ڕژێمی بەعس بەوەی کە خاکی کوێت بەجێ بهێڵێ لەلایەکی ترەوە، دووبارە ئومێدی دایەوە بە ناسیونالیزمی کوردو بەخێرایی دەستیان گرت بە لوولەی تۆپەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیەوە.

ناسیونالیزمی کورد بەر لە ڕووداوەکانی ئازاری 91 هیچ کارە بوون، دوای بە بنەبست گەیشتنی چەندین گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێم، دەورەی خەباتی دبلۆماسیان دەست پێکردبوو. ئەگەر ڕاپەڕین تەنانەت نزیکایەتیەکیشی لەگەڵ ئیستیراتیژی ئەواندا هەبوایە نەدەبوو ڕوو بدات، دروست بە پێچەوانەوە ئەوان ئیلهامیان لە هەلومەرجێکی ناوچەیی وجیهانی وەرگرت کە بواری بۆ ڕاپەڕینی خەڵك هێنایە ئاراوە.

**<u>*خەسرەوسایە:*</u> کەوایە دەوری خەڵكو گروپە چەپەکانی ئەوکات چی بوو لە ڕاپەڕینداو بەگشتی مەسەلەی میحوەری خەڵك لەم ڕاپەڕینەدا چی بوو، بەواتەیەکی تر ئەو مەسەلەیە چی بوو کە خەڵکی کوردستانی لە زۆربەی شارەکان هێنایە نێو شەقامەکانەوە؟**

<u>*تاهیرحەسەن*</u> :سەرەتا ئەوە بڵێم کە ڕاپەڕین لە خوارووی عێراقەوە دەستی پێکردو بەخێرایی ناوچەکانی تری عێراقی گرتەوەو هیچ تایبەتمەندیەکی جوگرافیاییو قارەمانیەتی نەتەوەیی نەبوو. گومان لەوەدانیە بەدرێژایی مێژوو خەڵك زەخیرەی ڕاپەڕین وخرۆشانو شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکان بووە لە دنیادا، من باوەڕم وایە کە خەڵکی کاتێك دێتە مەیدانی نمایشی گەورەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوە دێت کە نایەوێ، نەك بۆ ئەوەی کە دەیەوێ. ئەگەر مۆتۆڕی هێنانەمەیدانی خەڵك بۆ شۆڕشو خرۆشانی جەماوەری ئەو خواستانە بێت، کە خەڵکی دەیانەوێ، زۆر سەخت بوو کۆمەڵگەی ئینسانی شاهیدی شۆڕش بوایە، چونکە خواستی بزووتنەوە

کۆمەڵایەتیەکان زۆر ئاڵۆزو تەنانەت ناکۆکو پێچەوانەی یەکترن‌و سەختە ببێتە ئاسۆیەك بۆ تەقینەوەیەکی جەماوەری هەمە خەڵکی. هەرچەندە خەڵکی کوردستان بەدەست ڕژێمی فاشستی بەعسەوە کەم وێنەترین هەڵاواردنی قەومی‌و پاکتاوکردنی ڕەگەزی‌و کارەساتی گەورەی بەسەر هاتبوو، بەڵام خەڵکی عێراق وکوردستان یەك ئاسۆ کۆیکردنەوەو هێنانیە مەیدان، ئەویش نا ووتن بوو بە ژیان لەسایەی ڕژێمی هارو دڕندەی بەعسدا. هەموو بەکردەوە ووتیان نا بۆ ڕژێمی بەعس.

ئەوە بەڵگەنەویستە کە لەهەر خرۆشان‌و هاتنەمەیدانێکی جەماوەریدا بەخێرایی کێشە سیاسیە دیاریکراوەکانی ئەو وولاتە لەلایەن حزبەکانی بزووتنەوە کۆمەلایەتیە دیاریکراوەکانی خۆیانەوە دەهێنرێنەنێو هاوکێشە سیاسەکانی ئەو وولاتەوەو دەبنە یەکێك لە مەسەلە میحوەریەکانی کۆمەڵگە. بزووتنەوەی چەپ‌و کۆمۆنیستی‌و گروپەکانی ئەوکات، هەرچەندە پەرشوبلاو بوون، سەرکوت‌و دیکتاتۆریەتی ڕژێم تا ئەوکات هیچ بوارێکی کاری ئاشکراو دەستڕاگەیشتنی خەڵك بەوان‌و ئەوان بە خەڵکی پێنەدابوون. بەم هۆیەوە کەم تەجروبەو ناڕۆشن‌و مەکتەبی لە بیرکردنەوەدا زۆر تاتیبەتمەندیانی پێك ئەهێنا، ئەمە جگەلە چەندین گورزی کاریگەر کە بەدەستی موخابەراتی بەعس خواردبوویان. تەنیا لە ئەمنی سلێمانی نزیکەی 120 هەڵسوڕاوی گروپەکانی ئەوکات لە ژووری ئیعدامدابوون. بەڵام سەرباری ئەم کەموکوڕیانە کە بەبڕوای من دەوری بەرجەستەی گێڕا لە ئاراستەکردنی ڕووداوەکانی دواتری ڕاپەڕینداو بوارکردنەوە بۆ ناسیونالیزمی کورد کە سواری شەپۆلی ناڕەزایەتی خەڵك ببێت. بەڵام گروپە چەپەکانی ئەوکات لەشارە گەورەکانی سلێمانی‌و هەولێرو کەرکوك بە تایبەتی لە ڕێگای کۆمیتەکانی ڕاپەڕینەوە کە ماوەیەك لەوەو بەر پێکهاتبوون‌و خۆیان چەکدار کردبوو. یەکەمین فیشەکیان ڕووەو ڕژێم تەقاندو لەدەرگای ماڵەکانیان داو بانگەوازی خەڵکیان کرد کەبێنە دەرەوەو لە ڕووخاندنی ڕەشترین ڕژێمی ئەم سەردەمەدا بەشداری بکەن.

***خەسرەوسایە:*** **هاوڕێ تاهیر هەروەکو خۆشتان ئاماژەتان پێدا، ڕاپەڕین حەرەکەتێکی هەمە خەڵکی بوو وە لەژێر چەتری خۆیدا ئاسۆو ئامانجی جیاواز، دروشم وداواکاری جۆراوجۆر، بزووتنەوەی خوارەوەی خەڵك، تا دەگات بە شێوەی کۆنترۆڵی ژیانی شارەکان‌و جۆری دەسەڵاتدارەتی هێنایە کایەوە. لەم بارەیەوە ئەگەر بکرێ ئاماژە بەم پێکهاتووانە لە ڕاپەڕیندا بدەیت؟**

*تاهیرحەسەن :* من لەسەرتاوە ووتم کە ڕاپەڕین هاوکات بوو لەگەڵ شکستی بلۆکی ڕۆژهەلات‌و ناوبردنی بە مەرگی کۆمۆنیزم لە دنیادا، هێرش لەفراوانترین ئاستیدا بۆ سەر بیروباوەڕە ئینسانی‌و پێشکەوتووخوازەکان ببوە خۆراکی میدیاکانی درۆهەڵبەستن، میللی گەرایی‌و پەرەگرتنی دووبارەی ناسیونالیزم‌و جەنگی جمهوریاتەکانی ڕووسیاو جەنگەکانی باڵکان سیمای سیاسی ئەوکاتی دنیابوو. ئەم هەلومەرجە بەخێرایی کاریگەری خۆی لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان بەجێهێشت‌و هەلومەرجی سیاسی بەتووندی ژەهراوی کرد بە ناسیونالیزم‌و میللی گەرایی. بزووتنەوەی چەپ‌و کۆمۆنیزم بەو تایبەتمەندیانەوە کەباسم کرد. کەوتە دووڕیانێکەوە. ماوەیەکی کورت بوو پێی نابووە نێو کۆمەڵگەیەکی خاڵی لە حکومەت‌و قانوونەوە. بەڵام ئەوەی کە دواتر بووە خاڵێکی بەرجەستە لە ئاراستەکردنی ئاسۆی ئەو بزووتنەوەیەداو تەنانەت بردی بەرەو دامەزراندنی حزب ئەوەبوو، کە ڕێگای گرێدانی چارەنووسی خۆی بەچارەنووسی خەڵکەوە هەڵبژاردو بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسی‌و ئیداری‌و حکومەتیە کە بەوەدەرنانی هێزەکانی ڕژێم پێکهاتبوو، ئۆرگانی دەسەلاتدارەتی خەڵکی هێنایە ئاراوەو لە ماوەیەکی کورتی چەند ڕۆژیدا لە بەشی هەرەزۆری گەرەك‌و دامەزراوەکان‌و هەندێك لە کارگاکانی شارەکانی سلێمانی وهەولێرو هەندێك ناوچەی کەرکوك شوراکانی خەڵکی پێکهێنا.

لەگەڵ گەیشتنەوەی یەکێتیو پارتی بۆ کوردستان، یەکەمین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە لەگەڵی بەرەو ڕوو بوون شوراکانی خەڵكو بزووتنەوەی شورایی بوو لەکوردستان، ئەوان لەیەکەمین ڕۆژی دوای ڕاپەڕینەوە ڕادیۆیان داناو یەکەمین بانگەوازیان بۆ خەڵك ئەوەبوو کە خەڵکینە ئەوا ڕاپەڕین تەواو بوو داواتان لێدەکەین هەموو بچنەوە سەر کارەکانتان؟!. ئەوەی کە خەڵکی بە چ قانوونێك بچنەوە سەرکارەکانیان، سەعاتی کاریان، کرێیان، مافەکانیان بەپێی چ قانوونێك دیاری دەکرێ، دادگاکان بەپێی کام قانوون دەچەرخێ، مەسەلەیان نەبوو، گرنگ ئەوەبوو کە خەڵکی بچنەوە ماڵەوەو چارەنووسیان بدەنە دەست ئەوان بۆیان دیاری بکەن!. بەڵام شوراکانو کۆبوونەوە گشتیەکانو دەوری خەڵك لە پاراستنی ئەمنیەتی گەڕەکەکانو بەهاناچوونی ئاوارەکانی گەرمیانو دابەشکردنی مەوادە خۆراکیە دەست بەسەردا گیراوەکانو کردنەوەی بنکە تەندروستیەکانی گەرەکەکان. ڕاگەیاندنی هەموو دەسەڵاتێك بۆ شوراکان، ڕاگەیاندنی یەکسانی تەواوی ژنانو پیاوان، هێنانە دەرەوەی ژنان لە ماڵەکانیانو هاوشانی پیاوان بردنیان بۆ نێو سیاسیەتو دەخاڵەت لەچارەنووسی کۆمەڵگەدا، ڕاگەیاندنی ئازادی بێقەیدوشەرتی سیاسیو مانگرتنو ڕادەربڕین، ڕاگەیاندنی جیایی دین لە دەوڵەت، ڕاگەیاندنی هەڵوەشانەوەی تەواوی قانوونەکانی ڕژێمی بەعس، و..... لەو کارە گەورانەبوون کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی هەوڵیدا خەڵکی لەمەیداندا ڕابگرێتو خۆیان چارەنووسی ژیانی خۆیان بەدەستی خۆیان دیاری بکەن. ئەمەش بەتەواوی لەگەڵ ئامانجێکدا کە ناسیونالیزمی کورد بووی پێچەوانە بوو. ئەوان دەیانوویست خەڵکی وەکو ئێستا چارەنووسیان بدەنە دەست ئەوانو ئەوانیش بۆ شەریکبوونیان لە دەسەڵاتی سیاسیدا بەکاری بەرن. لەکاتێکدا ژنان لەمەیدانی سیاسەتو بەڕێوەبردنی شوراکاندا نەخشیان دەگێڕا، مەفرەزەکانی ناسیونالیزمی کورد قەتڵی نامووسیان دەست پێکرد.

بەبڕوای من یەکێتی وپارتی لە نێو ژیانی شاردا. بە هێرشیان بۆ سەر شوراکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان، دوژمنایەتی خۆیان لەگەڵ دەخاڵەتی خەڵك لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا نیشان دا.

بەکورتی دوو بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی جیاواز، ناسیونالیزمی کورد لە لایەكو کۆمۆنیزم لەلایەکی ترەوە دەیانوویست چارەنووسی کۆمەڵگە، لەشێوەو ئۆرگانەکانی دەسەڵات وحکومەت کردن وقانوونەوە، تا دەگات بە بەرگرتن بە نەگەڕانەوەی ڕژێم چارەنووسی کۆمەڵگە دیاری بکەن. لەماوەی کەمتر لە مانگێکی دەسەڵاتدارەتی خەڵك لە شوراکانی خۆیانداو کاروکردەوەو ئاسۆو دروشمێك کە هێنایانە ئاراوە، ئەو ڕاستیە حاشا هەڵنەگرەی نیشاندا، کە ئەگەر دەسەڵاتدارەتی بە دەست خەڵك خۆیەوە بێت، ئینسانەکان بەختەوەر دەبنو ئارەزووە ئینسانیەکانی خەڵك بەدی دێن.

**<u>*خەسرەوسایە*</u>: شکستی ڕاپەڕینو ئاوارەیی ئەنجامێكو حاڵەتێکی تراژیدی پێکەوە گرێدراوی ڕاپەڕینی ئازارن، بەڕای ئێوە هۆی شکستی ڕاپەڕین چی بوو؟. خەڵك بۆ ڕێگای ئاوارەبوونی ملیۆنیەیان گرتەبەر؟.**

<u>*تاهیرحەسەن:*</u> من لەسەرەتای ئەم باسەوە ووتم کە ناسیونالیزمی کوردو بەدیاریکراوی یەکێتیو پارتی بەدرێژایی مێژووی ژیانیان هەمیشە ئاسۆو ئیستیراتیژیان بە قڵشتو کەلێنو ململانێی دەوڵەتەکانی ناوچەکەوە گرێداوە. هەڕەشەکانی ئەمریکا لە ڕژێمی بەعس لە ساڵی 1990 دا، جارێکی تر خوێنی بردەوە بۆ نێو دەمارەکانی ئاسۆی سیاسی ئەو دوو حزبە، کەتا پێش ئەوە ڕێگای بێ ئومێدیان دەپێوا. بەهۆی ئەو فاکتەرە عەینیە جیهانیەشەوە کەووتم ناسیونالیزمی کورد سەرباری شوراکانو دەورنەخشی بزووتنەوەی چەپو کۆمۆنیزم، بەڵام توانیان ئاسۆی خۆیان بکەن بە ئاسۆی خەڵکی دوای ڕاپەڕین وچارەنووسی سیاسی کۆمەڵگە بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە. بەڵام کاتێك دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا زانی کە خەڵکی عێراق لە نمایشێکی کۆمەڵایەتیدا زۆربەی شارەکان کەوتۆتە دەستی خەڵکی چەکدارو ڕاپەریوو، لەوە تێگەیشت کە درێژەکێشانی ئەو وەزعیەتە هەلومەرجی سیاسی بەجۆرێك ئاڵۆز دەکات کە ڕەنگە لەدەستیان دەرچێت وکۆنترۆڵی سەخت بێت. بۆیە دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا کە هەر

لەسەرەتاوە روخاندنی ڕژێمی بەعس لەبەرنامەیدا نەبوو، دووبارە بواری کردەوە بۆ ڕژێمی بەعس بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی شارەکانی کوردستانو ناوەڕاستو خوارووی عێراق. سوپای لووتشکاوی ناسیونالیزمی عەرەب لە جەنگی کەنداودا بۆ وەرگرتنەوەی لانی کەمی کبریائی ڕووشاوی، بەبەرچاوی هێزەکانی ئەمریکاوە بێوێنەترین حەمامی خوێنی بۆ گرتنەوەی شارەکان بەرێخست. ئەم هەلومەجە جارێکی تر ئیستیراتیژیو ئاسۆی ناسیونالیزمی کوردی کرد بەهەواداو لەگەڵ خۆشیدا خەڵکی کوردستانی تووشی ئەو تراژیدیا ئینسانیە گەورەیە کرد. ئەوە خەڵك نەبوون کە ڕێگای ئاوارەییان هەڵبژارد، ئەوە ئاسۆی ناسیونالیزمی کورد بوو لەگەڵ بنبەستی ئاسۆی خۆیدا، لەبەرامبەر هێزەکانی ڕژێمدا هەڵهاتوو جگە لەئاوارەیی لەبەرامبەر لەشکری دڕندەی بەعسدا بوارێکی تری بۆ خەڵکی نەهێشتەوە بۆ خۆپاراستن.
فاکتەرێکی تر کە بەبڕوای من دەوری بەرجەستەی هەبوو، وە هەیە لە دیاریکردنی چارەنووسی هەموو ڕاپەڕینو خرۆشانێکی جەماوەریدا، ئەویش ئەوەیە کە سەرباری ڕقی ئەستووری خەڵك لە ڕژێمی بەعسو ئومێدەواری بۆ ڕووخاندنی ڕۆژێك زووتری ئەو ڕژێمە، سەرباری دەریایەك ئاواتو ئارەزووی هەقخوازانەی خەڵکی عێراقو کوردستان. بەڵام ڕاپەڕینی ئازاری 1991 خۆی بەرئەنجامی ڕەوەندی گەشەکردنی نارەزایەتی خوارەوەی خەڵكو گەیشتنی بەخاڵی تەقینەوە نەبوو. بەڵکو هەلومەرجێکی جیهانی بوو کە جەنگی یەکەمی کەنداوی خولقاندو بواری بۆ خەڵك کردەوە. بەواتایەکی تر بڵێم هەلومەرجێك کە سیاسەتێکی ترو باقازانجی کەسێکی تر لەدەرەوەو لەسەرەوەی خەڵکەوە هێنایە پێشەوەو هەر لەسەرەوەو بۆ هەمان ئامانج گیرایەوە.

**<u>*خەسرەوسایە:*</u> بەڵام هاوڕێ تاهیر هەرکات باسی شکستی ڕاپەڕینو ئاوارەیی بکرێ باسی خیانەتی ئەمریکا لەکورد دێتە ئاراوە، وەڵامی ئێوە چی یە بەو بۆچوونەی کە شکستی ڕاپەڕین بە پشت تێکردنی ئەمریکا لە کوردەکان دەگێڕێتەوە؟**

<u>*تاهیرحەسەن:*</u> نە ئەوکاتو نەئێستاش دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا لە هیچ جێگایەکدا بەڵێنی بەکەس نەداوە تا نەبردنەسەری پشت تێکردن بێت لە بەڵێنەکەی. هەر ئەوکات جۆرج بووشی باوك ڕایگەیاند کە ئامانجی ئەمریکا لە جەنگی کەنداودا ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس نیە. ئەمریکا بۆ ئامانجی خۆیو بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەو ئیستیراتیژی خۆی هاتۆتە ناوچەکە کە لەسەرەوە باسم کرد. ناسیونالیزمی کورد لە خۆیەوەو لەئاکامی بێ ئاسۆیی خۆیدا ئومێدی بەسیاسەت ونەخشەی ئەوەوە گرێداوە. ئەمان لە خۆیانەوە وێنەکانی جۆرج بووشی باوكو ئاڵای ئەمریکایان لە دارو دیوارەکانی کوردستان دا. هەموو لەبیرمانە کە دوای ئەوەی زانیان ئامانجی ئەمریکا ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس نیە، هێشتا خەڵکی منداڵە لەسەرمادا تەزیوەکانیان لە ژیانی ئاوارەییدا نەختبووە ژێر گڵەوە ئەمان گەیشتنەوە بەغدا، دوای گەڕانەوەی خەڵکیش لە ئاوارەیی لیژنە تەنسیقەکانیان بۆ پارێزگاری لە هێزەکانی ڕژێم کە خەڵکی دەیوویست کوردستان بە جێ بهێڵن وبڕۆن، چەندین جار تەقەیان لە خۆپیشاندانی خەڵکی سلێمانیو هەولێر کرد.
ئەو قسەیە لەدنیای سیاسەتدا منداڵبازاڕی دێتە پێش چاو، پاشان خۆ ئەوە یەکەمین شکست نەبوو کە ناسیونالیزمی کورد بیخوات. ئەوان بۆ شکستی ساڵی 1974 یش ووتیان ڕەزا شای ئێران خیانەتی لە کورد کرد، بۆ ڕووخانی کۆماری مهاباد ئەڵێن ڕووسیا خیانەتی لە کورد کرد، بۆ بنبەستی مفاوەزاتی ساڵی 1983ش هەرچەندە تاڵەبانی زۆر لووتفی نواندو ووتی سەدام حسێن دادوەرەو دوژمن نیەو ئەندازیاری ئۆتۆنۆمیە، ووتیان سەدام حسێن بێ وەعدە. ئەوەتا بۆ مەسەلەی مافەکانی خۆیان لە بنیادنانەوەی عێراقیشدا، ئەڵێن شیعەکان لە کۆبوونەوەی لەندەن دا بەڵێنیان داو ئێستا نایبەنە سەر.

**_خەسرەوسایە:_ هاوڕێ تاهیر هەر وەکو دەزانن ڕاپەڕین ئەزموونێك بوو کە بەسەر ژیانی خەڵکی کوردستاندا تێپەڕی، بەڵام دەرس وپەندەکانی لە شوێنی خۆیدا هەر ماون. بەڕای ئێوە خەڵکی کوردستان لە چاو گێڕانەوەیاندا بە مێژووی ڕابردوویان دەبێ چ دەرسێك لە ڕاپەڕین بۆ ئێستاو داهاتوویان وەرگرن؟**

_تاهیرحەسەن:_ منیش پێم وایە دەرسو پەندەکانی ڕاپەڕین بە چارەنووسی ئێستای خەڵکی کوردستانەوە گرێی خواردووە، ئەگەر وا نەبووایە ئامادە نەبووم سەری خەڵکی بە باسکردنی مێژوویەك کە 14ساڵ بەر لەئێستا ڕوویداوە بیەشێنم، کەڕەنگە لاوانی 20 ساڵەی ئێستای کوردستان تەنیا لە زمانی دایكو باوکیانەوە داستانەکەیان بیستبێ.

خەڵکی کوردستان بەو (نەخێر) ە گەورە جەماوەریەیان بە ڕژێمی بەعس، ووتیان ئیتر نامانەوێ لەسایەی دەسەڵاتێکدا بژین کە چەوسانەوەی قەومیمان لەسەر بێتو لەماڵی خۆمان هاووڵاتی دەرەجە دوو بین، ووتیان چیتر نامانەوێ ئەنفال بکرێینو چەکی کیمیاییمان لەسەر تاقیبکرێتەوە، ووتیان ئیتر نامانەوێ ئازادیخوازان بخزێننە هاوشێوەی ئەمنە سوورەکەو دەمیان بدورن، ووتیان ئیتر نامانەوێ ئینسانەکان لەسەر بیروباوەڕی سیاسیان جێگایان زیندانەکان بێتو لەژێر ئەشکەنجەو ئیعدامدا گیانیان لە دەست بدەن. ووتیان ئیتر نامانەوێ منداڵەکانمان لە جەنگەکاندا بکوژرێن، ووتیان، ووتیان... ووتیان.

سەرەکیترین دەرسێك کە دەبێ لە ڕاپەڕینو ئیرادە نواندنی خەڵکی کوردستان لە ئازاری 91 وەربگیرێ ئەوەیە، کە خەڵکی نابێ لە حاشیەدا ڕابوەستنو چارەنووسیان بسپێرن بەو حزبانەی کە پێیان دەڵێن بڕۆنەوە بۆ ماڵەوە. ئەو حزبەی بەرژوەندی لەوەدایە کە خەڵکی لە ماڵەوە دانیشنو هیچ جێگا دەستێکیان بە چارەنووسی ژیانی خۆیانو کۆمەڵگاکەیانەوە دیار نەبێت، بێگومان دەیەوێ چارەنووسی خەڵكو کۆمەڵگە بە جۆرێك دیاری بکات کە تەنیا لەبەرژوەندی خۆیدایەو ناکۆکە لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵكو کۆمەڵگە. بەداخێکی گرانەوە ئێستا خەڵکی کوردستان جا بەخۆشخەیاڵی خۆیان بێت، یان بە بارمتەگرتنی پارووی دەمی منداڵەکانیان لەلایەن یەکێتیو پارتیەوە، بەزۆری چەك بێت، یان بە مەیلی خۆیان. ئێستا چارەنووسی خەڵکی کوردستان لەدەستی یەکێتیو پارتیدایەو خەڵکی تەنیا تەماشاکەری دیاریکردنی چارەنووسیانن لە حوجرەکەی سیستانیو ئیسلامی سیاسیدا، ڕەنگە سبەینێ بۆ یەکێتی وپارتی تەنیا ئەوەندە بەس بێت کە بڵێن پشتیان تێکردینو وەعدەکەیان نەبردە سەر، بەڵام ئاکامەکەی بۆ خەڵکی کوردستان دەبێتە ژیان لەسایەی ڕژێمێکدا کە کارەساتەکان لە هەزارەی سێهەمدا بەشێوازی تر دووبارە دەبنەوە.

هاتنە ئاراوەی دەسەڵاتی یەکێتی وپارتی، ئاکامی شکستی ئامانجەکانی ڕاپەڕینی خەڵك بوو کە بەهێرشیان بۆ سەر شوراکان دەستی پێکرد، نەك سەرکەوتنی ڕاپەڕین وەك یەکێتی وپارتی دەڵێن. ئامانجەکانی ڕاپەڕینی ئازار هەمان ئەو ئامانجانەیە کە خەڵکی کوردستان هەر ئێستا هەیانە. فرسەت زۆر لەدەست چووەو کەم بەدەستەوە ماوە، خەڵکی کوردستان بۆ دیاریکردنی چارەنوسێکی باشتر بۆ خۆیانو منداڵەکانیان دەبێ بەهێزێکی عەزیمی جەماوەریەوە (نەخێر)ێکی تر بە هەموو ئەو سیناریۆ فریوکارانەیە بڵێن کە خەریکن بۆ چارەنووسی سبەینێیان دەیچنن. "نەخێر"ێك بۆ لکاندنەوەی کوردستان بە عێراقێکی عەرەبی ئیسلامی تایەفەیی، وە "بەڵێ"یەك بۆ سەربەخۆیی کوردستان، ئەمجارە خەڵکی کوردستان حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقیان هەیە، کە ئەو کات بەداخەوە نەیان بوو.